www. empratorpoem. com

پەیام

ئیمپراتۆر پۆیم

هەموو شاعیرانی جیهان برای یەکترین.... {ئارسۆر ڕامبۆ}

هەڵبەستڤانان و ئەدیبان و نوسەرانی هێژا.... سڵاوێکی پڕ لە وەنەشەتان لێبێت...

لەم سەردەمە کە سەردەمی پوکانەوەی شوێنەوارەکانی ناخ و هەست و سۆز و فەنتازییای مرۆڤەکانە.... . سەردەمی نەهێشتنی ئازادییە بۆ نوسین و ڕوشاندنەوەی پانتاییەکانی نوسینە... ،هەمیشە ئامێزی شیعرتان بۆ جیهان و زەوی وئاسمان کراوەبێت بۆ ئەوەی شیعر و وێژەو هونەر زیندوێتی خۆی لەدەست نەدات. {ئیمپراتۆر پۆیم } بۆ ئەو مەبەستە دێتە مەیدانە خاڵییەکانی بواری ئەنتەرنێت و پەخەشکردنەوە.

ئیمپراتۆر پۆیم

بەمەبەستی بە هونەر کردنی جیهان،بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی نۆتە ئەبەدییەکانی ناو ناخی شاعیرو وێژەوانان و هونەرمەندان.... ، { ئیمپراتۆر پۆیم } هەوڵێکی نوێیە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت کە هەوڵدەدات هەرچی نوسراو و دەق و هەڵبەست و شاکاری ئەدەبی و هونەری هەیە بخاتە بەردەم بەکارهێنەرانی ئەنتەرنێت،لەهەمان کاتیشدا هەوڵێکە بۆ بەدواچونەوەی ژیان و بەرهەم و ئەزمونی ئەدەبی شاعیران و ئەدیب دۆستان هونەرمەندانی کورد و گەلانی تر.

{ ئیمپراتۆر پۆیم } ئاسمانی نوسینەوەی بۆ هەموو شاعیرو نوسەرێک و وشە دۆستێک دەکاتەوە بەبێ جیاوازی....

١. شیعری کوردی کە قەڵەمی هەموو نەوەکان لەخۆ دەگرێت لە { ئیمپراتۆر پۆیم } دەتوانن لاپەڕیەک بۆ پەیڤە شیعرییەکان پاشەکەوت بکەن.. ئەویش بەناردنی شیعرەکانتان بۆ بڵاوکردنەوەیان

٢. شیکارو شیعر و بابەتی هونەری هەموو گەلانی دونیا بە زمانی کوردی بڵاو دەکاتەوە.. لەگەڵ ڕەخنە و ژیانی شاعیرو وێژەوانانە بیانییەکان. واتە بابەتی وەرگێردراو بۆسەر زمانی کوردی.

٣. زمانی ئەدەبی خانمان زمانێکی جیاواز و فەنتازیایکی بەرینی هەیە لە جیهانی نوسین،ئەم بەشە بۆ قەڵەمە مێینەکان تەرخان دەکرێت لە بوارەکانی شیعر و هونەر و نوسینە ئەدەبییەکانی تر.

٤. بەشێکی تری { ئیمپراتۆر پۆیم } تایبەتە بە دەقێکی ئەدەبی یان هونەری و باسکردن و ناسندنەوەی.

٥. هەروەها شاعیرە کلاسیکییەکانمان لە یاد نەکردووە،بۆ ئەو مەبەستە لاپەڕەیەک تەرخان دەکرێت بۆ ژیان و بەرهەمیان لەگەڵ ئەزمونە شیعرییەکانیان.

٦. چیرۆکەشیعر... یان پەخشانە شیعرو چیرۆک ئەم گۆشیەیەش بۆ ئەوە تەرەخان دکرێت کە نوسەران دەتوانن خۆیان لەو ئەزمونە نوێیە ببیننەوە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانییان.

٧. ناسندنی پەڕتووکێک...

٨. لاپەڕەیەکی تری { ئیمپراتۆر پۆیم } تایبەتە بە ئەدەب و هونەری ئیرۆتیکی، هەروەک دیارە ئەدەب و هونەری کوردی زۆر دەوڵەمەندە لەوبوارە چ لەسەردەمی کلاسیک یان سەردەمی نوێ... بۆیە دەتوانن نوسین و لێکۆڵینەوەی خۆتانتان بنێرن سەبارەت بەو بوارە.

٩. لێکۆڵینەوەی مێژوویی ئەدەبی گەلان و کوردستانیش لەهەموو بوارەکانی ئەدەب... شیعر ڕۆمان چیرۆک... وهتد.

* ئەمانەوچەندەها بڕگەو بابەتی تریش بەهیوای ناردنی بەرهەم و بابەتەکانتان دەبین.

*{ ئیمپراتۆر پۆیم } هەموو بوارەکانی ئەدەب و هونەر دەگرێتە خۆی و پێی وایە کە شیعر پێشەنگی هەموو ئەدەبەکانی ترە.

*لەڕێی ئەم ئیمایلەوە دەتوانن بابەت و بەرهەمەکانتان بنێرن//

info@empratorpoem. com

تێبینییەکی زۆر گرنگ.... .

{ ئیمپراتۆر پۆیم } لە نوسین و بڵاوکردنەوەی بابەتەکان پەیڕەوی ڕێنوسی یەکگرتوی زمانی کوردی دەکات بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم بەستەرە بکەنhttp://www. zkurd. org/?Besh=babet&babet=8

داواکارین لەبەڕێزتان کە بابەتەکانتان ڕەچاوی ئەوخاڵەبکات.

ئیمپراتۆر پۆیم

www. empratorpoem. com

Editor site:

ئالان پەری